# ئەنجامگیری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە فەرەنسا:

## کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان ڕێژەی4.1% ی دەنگەکانیان بە دەست هێنا



ئازاد ئارمان

ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو 22ی نیسان خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە فەرەنسا بەڕێوە چوو. پاڵێوراوی پارتی پارێزەران نیکۆلا سارکوزی 31%دەنگەکانی بە دەست هێنا .نوێنەری ڕاسترەوەکانە و پێشتر وەزیری ناوخۆی بووە. سیاسەتەکانی بریتی یە لە دژایەتی کردنی پەناهەندە ، هێرشی توند تری پۆلیس بۆ سەر خۆپیشاندان و مانگرتنەکان.دژایەتی لە گەڵ کۆمۆنیستەکان ، نزیکایەتی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لە سیاسەتی دەرەوەدا. دووەمین پاڵێوراو سیگۆلن ڕۆیەل نوێنەری حیزبی سۆسیالیست ڕێژەی 25% دەنگەکانی بە دەست هێنا .سۆسیال دیموکراتە و لە هەندێ لایەنەوە سیاسەتەکانی لە پارتی کرێکارانی بەریتانیا نزیکە.

ئولیفی بیزیسینو پاڵێوراوی کۆمەڵەی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان[i] ڕێژەی 4.1% دەنگەکانی بە دەست هێنا .کە دەگاتە( 1.8 ) یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار دەنگ.

ئولیفی بیزیسینو گەنجترین پاڵێوراوە لە نێو هەڵبژاردنەکانی فەرەنسادا، لە دایک بووی ساڵی 1974 و لە دائیرەی پۆست کار دەکات. هەروەها لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2002 دا بەشداری کردووە و هەمان ڕێژەی ئێستای دەنگی هێناوە. کەسایەتی یەکی ناسراو و نزیکایەتی زۆری هەیە لە گەڵ یەکێتی یە کرێکاری یەکان و ڕێکخراوی لاوان و پەناهەندەکان. هەروەها ئولیفی. ب بەوەش دەناسرێتەوە و وەسف دەکرێت کە کەمپینەکانی بە لە دژی سیاسەتە ڕاسترەوەکانی نیکۆلا سارکوزی یە.

ڕۆژنامـەی لیمۆنـدی فەرەنسـی ئـولیفی بیزیسـینو  کۆمۆنیسـتە شۆڕشـگێڕەکان بـە ڕابـەری جێکەوتەی دژی نیولیبرالیزم پێناسە کرد.

ئەم ڕێکخراوە چەپانەی خوارەوەش ئەم دەنگانەیان بە دەست هێنا:

- ئەرلیت لاجیلی هەلبژێراوی یەکیەتی کۆمۆنیستەکان (ترۆتسکیست)[ii] ڕیـژەی 1.33% دەنگیان بە دەست هێنا.ئەم ڕێکخراوە زیاتر بە ناوی ڕۆژنامەکەیەوە ناسراوە (خـەباتی کرێکاران )
- ماری جۆرج بوفا هەلبژێراوی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا ڕێژەی 1.93% دەنگی یـان بە دەست هێنا.

---

[i] **کۆمەڵـەی کۆمۆنیسـتە شۆڕشـگێڕەکان Revolutionary Communist League ڕێکخراوەیەکی سیاسی ترۆتسکیستی فەرەنسین، لە ساڵی 1974 دا پێکهـاتوون، پێشـتریش لە ژێر ناوی کۆمەلەی کۆمۆنیستەکان و لاوانی کۆمۆنیستە  شۆڕشگێڕەکان کـار و چـالاکی یان ئەنجام دەدا. بەڵام لە ساڵی 1969 – 1973 دوو جـار لـە لایـەن پۆلیسـەوە قەدەغـە کراون. ئێستاش لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا چـالاک و هەلسـوراون .بـۆ زانیـاری و ئاشنایەتی بە تیور و پراکتیکی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان دەتوانی  سەردانی ماڵپەرەکەیان بکەیت بەم ناونیشانە www.lcr-rouge.org**

[ii] **یەکێتی کۆمۆنیستەکان (ترۆتسکیسـت) Communist Union (Trotskyist) ڕێکخراوێکـی سیاسـی ترۆتسکیسـتی فەرەنسـین . لـە ڕاسـتی دا بـە نـاوی ڕۆژنامـە – هەفتانەکـەیان دەناسرێنەوە بە ناوی (خەباتی کرێکاران) لە ساڵی پەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم دروسـت بوون. زۆر تر بەوە دەناسرێنەوە لە ناو کرێکاران دا چالاک و هەلسوراون. بـۆ زانیـاری و ئاشنایەتی بە تیور  و پراکتیکی یەکێتی کۆمۆنیستەکان (ترۆتسکیسـت) دەتـوانی  سـەردانی ماڵپەرەکەیان بکەیت بەم ناونیشانە www.lutte-ouvriere.org :**